## تۆڕى تیرۆریستى شێخ زانا، بەناوى جیهاد و شەریعەتى خوا

# کوشتنەوە... پارچە پارچەکردن... نێربازى...

**پاش زنجیرەیەک کارى تیرۆریستى نامرۆڤانە لە پایتەختى کوردستان هێزەکانى ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانى پاراستنى سەقامگیرى توانییان تۆڕێکى زۆر ترسناک و گەورەى تیرۆریستى بەناوى شێخ زانا و هاوکارەکانى دەستگیر بکەن، سەرنج لە کارە نامرۆڤەکانى ئەو تۆڕە بدەن کە چۆن بەناوى ئایین و جیهاد و حوکم کردن بە شەرعى خوا گەنجیان فریوداوە و دواتر دەستیان کردووە بە سەربڕینى خەڵک و کارى سێکسى و نێربازى و مەشروب خواردنەوە و ئەتک کردنى کچان و چەندین کارى قێزەوەنى تر کە دواجار هەر هەمووشیان بەناوى جیهاد و ئەرکەکانى موجاهید و شەرعى خوا ئەنجام داوە، ((خەبات)) بە زنجیرە لێدوانى ئەو تیرۆرستانە بەزمانى خۆیان و دەق بڵاو دەکاتەوە:**

## 5 بەشێک لە دانپیانانەکانى تیرۆریست مەریوان

### زانا.. وەسفى مەریوان دەکات

دەربارەى چۆنیەتى ناسینى مەریوان و گرنگترین ئەو کردەوە چەپەڵانەى کردوویەتى شێخ زاناى گەورە تیرۆریست خۆى لەم بارەیەوە دەڵێت: ناوى مەریوان کەریم حەسەنە، فەترەیەکى زۆر نییە دەیناسم، یەعنى چەند ساڵێک دەبى، ئیحتیمالە پێش سێ ساڵ شتێک زیاتر یان کەمتر، بیدایەت مەریوان لاى دوکانى کاروخ ئیشى دەکرد لە دەڵالخانە؟، بەواستەى کاروخ، ئەژى تەعاروفى لەگەڵ کرد پاشان تەکلیفى دلێرم کردو گوتم: دیراسە لەسەر مەریوان بکە، دلێر دیراسەى تەقدیمى من کرد، کە ئەو کورە ٨٠٪ موئەهەلە بۆ ئەوەى کە داخیل بە جەماعەتەکەى بى، ئەژیش بەهەمان شێوە تەقدیمى دیراسەى خۆى کرد و گووتى زەروورییە ئیهتیمام بەو کورە بدرێ، ئیتر ئەو مەرحەلەیە دەستى پێکرد، کە ئیتر ئەمن بەخۆم تەجروبەى ئەو کورە بکەم، ئەمن بەواستەى ئەژى تەعاروفى تەواوم لەگەڵى کرد و نزیکەى ساڵێک دەرس و دیراسەم بە مەریوانى دەگوت .

### زانا.. ژن بۆ مەریوان دێنێ و خانووى بۆ دەگرێ

شێخ زاناى تیرۆریست کەم دەرامەتیى مەریوان بەخاڵێک دەزانێ، کە توانیوویانە لەرێگەى ئەو خاڵە زیاتر مەریوان رابکێشنە ناو گرووپەکە، دواتر باس لە چۆنیەتى ژنهێنانى دەکات و دەڵێ:

بە حەقیقەت وەزعى ماددیى مەریوان زۆرزۆر متەدەهوەر و خراپ بوو، ئەوەش عامیلەکى موساعید بوو بۆ ئەوەى، کە بتوانین ئێمە راى بکێشینە ناو خۆمان، فەترەیەک وا مایەوە و مەریوان لە ئیشەکانى بەرەوپێش دەچوو، بڕیارمان دا کە ژن بهێنێ، هەڵسا کچە خاڵى خۆى هێنا، لەپاشان ماڵى خۆى لەگەڵ ماڵى بابى جیا کردەوە و خانووەکى بەتەنێ هەبوو، لۆمان گرت، مانگى بە ١٥٠٠ دینار، ئەساسێکى هاکەزایى ئیعتیادیمان لەبۆ دانا، کامیراشمان نەسب کرد لە دیوەخانەکە، چونکە ئەمن بە دلێرم گوت کە ئەمن پێویستم بەمەجموعە کچێک و مەجموعە کورێکە تەسویرى بکەن، بۆئەوەى کۆنترۆڵ بکرێن و لە موستەقبەل لەو ئیشانەى پێمان دەسپێردرێ بەکاریان بێنین وەکو"طوعم"، ئەوەبوو دلێر و مەریوان دەستیان بە تەنفیزکردنى ئەو فیکرەى من کرد.

### چەند کچ و کورێک بەنهێنى وێنە دەگرن

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەى شێخ زانا بە دلێر و مەریوانى دەسپێرى، رازیکردن و هێنانى هەندێک کچ و کورە، بۆئەوەى لە ژوورەوە کارى سێکسیان لەگەڵ بکەن و تەسویریان بکەن و دواتر بەکاریان بێنن، ئەوەتا زانا خۆى دەڵێت:

مەریوان و دلێر دەستیان بەجێبەجێکردنى ئەو فیکرەى من کرد و چەند نەفەرێکیان دیتەوە بەکچ و کوڕ تەسویریان کرد بەشێوەیەکى وا کە هەر شەخسێک سەیرى فیلمەکە دەکات تەواو ئەو قسانەى کەپێى دەڵێى تەواوبۆت جێبەجێ دەکات. بەحەقیقەت مەریوان زۆرباش بوو، زۆر ئیبداعى لە مەسەلەکان کرد و تا حەددەکى زۆرباش بوو، ئەوەبوو لەوبەرى جادەى کەرکووک دوکانمان بۆ کردەوە و سەیارەمان بۆ کرى، یەعنى وەزعى ئیجتیماعیى بەرەو باشى دەرۆیى، لەگەڵ دلێریش ئەو ئیشەى پێم سپاردبوون بەتەسویرکردنى چەند کورو کچێک لەوەش نەجاحەتیان هێنا تا حەددەکى باش، کاروخ وان تەعاروفیان کرد لەگەڵ مەریوان و هێنایانە ماڵێ و لە ماڵیش هەستان بە کوشتنى ئەو نەفەرانەو تەسویرکردنى، دلێر و مەریوانیش تەقطیعى جوزئەکیان کرد لەو نەفەرانە، ئەوەش فەقەت بۆئەوەى نەفسیەتى وان لێڕابێت و شەجاعەتیان زیادبێت و چاونەترس بن لۆئیشە موستەقبەلیەکان کە بەمن دەسپێردرێ و ئەمنیش بەوان دەسپێرم.

### سەرەتاکانى کارى تیرۆریستى و ناسینى کاروخ و ئەژى:

مەریوان سەرەتاکانى دەرس خوێندنى باسدەکات و دەڵێت:

هاتوچۆى مزگەوتى حاجى لایقەمان دەکرد لەلایەنە مەلا یونس قورئانمان دەخوێند، پاش فەترەیەک چووینە مزگەوتى حاجى جوامێر لەوبەرى گەڕەکى کوردستان بوو، مەلایەکەى ئەوێ ناوى خۆى مەلا عەبدولغەفور سەلیم بوو ناسراو بوو بە مەلا غەزالى، ئیتر فەترەیەک دەرسمان دەخوێند، قورئان و تەفسیر


تیرۆریست ئەژى موعتەسەم

و جیهاد و شروتەکانیمان دەخوێند، ئێواران دواى عەسر لە جۆت سایدى بەینى نەورۆز و کوردستان دەچووین لەوێ تەمرینمان دەکرد لەسەرچۆن رومانە بەکاردێنى، رۆژێک کورێک هات بەناوى هەمزە مزۆ منى بەکارۆخ ناساند، چەند رۆژێک لەگەڵ کارۆخ دەچووینە ماڵى ئەو و ئیسراحەتمان دەکرد، کورێک دەهاتەلاى بەناوى"------- -------" گوتى تەعارفت پێ دەکەم کورێکى باشە و عەلەساس پیاوێکى موجاهیدە، ئیتر دوایى دەرکەوت ناوى ئەژى معتەسەم بوو، دانیشتین دەستمان بەقسەکرد، گوتى: ئێمە کۆمەڵە برادەرێکین جیهاد دەکەین ئەگەر بەشداریمان لەگەڵ دەکەى؟ ئەمنیش گوتم باشە وارازیمە، داواى لێکردم خۆم فێرە سیاقە بکەم و بچمە سیباحە"مەلەوانى" و بچمە یاریى ئاسن و کۆنفۆ، مەبلەغى ٨٠ دینارى داپێم، دواى سیاقەکەم برێک مەزبوت کرد و ئەوانەم مەزبوت کرد.

### مەریوان تەعاروف لەگەڵ کرێکار دەکات

مەریوانى تیرۆریست لە رێى کارۆخەوە کرێکارى تیرۆریست دەناسێت، ئەوەتا خۆى چۆنیەتى ناسینەکە باس دەکات.

رۆژێک کورێک هاتە لامان ئەمن نەمناسى بەڵام هەستم کرد ئەوە برادەرى کارۆخە، گوتى ئەوە برادەرى خۆمانە و لەگەڵ خۆمانە ناوى کرێکارە، رۆژێکى دى لە بازاڕ بووم ئەو کرێکارە هاتە لاى کارۆخ دوایى بۆم دەرکەوت ناوى خۆى یوسف بوو،عەلاگەیەکى سپى لابوو کە دوو پارچە جلکى تێدابوو نەمزانى چى ترى تێدابوو، ئیتر گوتیەمن بابرۆین، ئەمنیش گوتمە کارۆخى ئەوە دەڵێ وەرە ئیشم پێتە بچم؟ گوتى ئا برۆ، هاتین لە مزگەوتى قادر بلە لەوێ نوێژى مەغریبمان کرد.

### لە رۆناکى هەژار بەکاتم سەوت دەکوژن.

مەریوانى تیرۆریست واقیعى کوشتنى هەژار بەکاتم سەوت بەم شێوەیە باس دەکات:

دواى ئەوەى لاى کارۆخ هاتین و لەمزگەوتى قادر بلە نوێژى مەغریبمان کرد، هاتینە دەرێ بۆ ئەوەى لۆ لاى رۆناکى برۆین، لەلاى میوەجات فرۆشەکان توشى شەخسێک بووین بەناوى هەژار، ئەمن گوتم ئەوە لە بازاڕى ئیش دەکات بانەم بینى، یوسف گوتى ئێستا لێى دەدەین، رۆیشتین و لە مەکتەبى قەندیل تێپەڕین فەرعێک چووینە ژوورێ، دوایى چووینە ساحەکەى رۆناکى، لەوێندەرێ یوسف دەمانچەکەى دەرهێنا، عەلاگەکە دەمانچەى تێدابوو، دەمانچەکەى دەرهێناو سێ گوللەى لەسەرى داو لەوێ ئەو تەکسییەکى گرت و چووە ماڵى خۆیان لە شاوێس و ئەمنیش چوومە حى عەدل ماڵى کارۆخ، ئیتر دواى نوێژى عیشا ئەژیمان بینى و گوتى بە هیچ شێوەیەک نابێت بێیە دوکان ئەو فەترەیە دەبێ لەماڵێ بى و نابێ بێیە دەرێ هەفتانەش ئەو پارەى دەدامێ، یارمەتى دەدام، دوایى چوومە لاى قاعەى مەلعەب لەوێ تەمرینم دەکرد.



**مەریوانى تیرۆریست**

**شێخ زانا پێى گوتم ئەتۆم لۆ موخابەراتى ئیسلامى هەڵبژاردیە، دەبێت موخابەراتێک دروست بکەم لە مافیاوCIAى ئەمەریکى و موسادى ئیسرائیلى زۆر بەقوەتتربێت .**

### کارزان دەناسێ و بە ئیشێک دەچنە سلێمانى

مەریوانى تیرۆریست بەم شێوەیە باس لە چۆنیەتى ناسینى کارزان و چوونە سلێمانى دەکات:

رۆژێکیان چوومە لاى مەلعەب بۆ تەمرین کردن، بۆ تەعارفکردن بوو لەگەڵ شەخسێک نەمزانى ناوى


تیرۆریست کارزان ئیسماعیل

چییە، دوایى بۆم دەرکەوت کارزان بوو، کارزان ئیسماعیل، ئەژى تەعاروفى پێ کردین و دوو مۆزیشى هێناو یەکەو مۆزى داینێ، کارزان بەمنى گوت سەفەرێکمان هەیە، هەتا سلێمانى دەچین لەگەڵم وەرە، نەیگۆ ئیشەکە چییە بەس گوتى موجەڕەد لەگەڵم وەرە، ئیتر ئەوەبوو بەیانى زوو رۆیشتین چووینە سلێمانى چووینە سەرچنار، کارزان گوتى ئەتو لێرە بە ئەمن هەندێک ئیشم هەیە بە ئیشێک هاتبوو بەس نەمزانى ئیشەکە چییە، ئیتر، کە رۆیشت نزیکەى سەعاتێک سەعات و نیوێکى پێ چوو، هاتەوە وتى ئیشەکە جێ بەجێ نەبووە، رۆشتین چووینە بازاڕ و ئیتر ئەو شەویش ماینەوە هەر لە بەر ئیشەکەى ئەو کە جێ بەجى نەبىبوو، بەیانى چووینەوە نەفسى جێگا گوتیە من لێرەبە ئەو رۆیشت، ئەوجارە، کە هاتەوە گوتى تەواو ئیشەکەم جێ بەجێ بوو، ئیتر چووینەوە ئوتێل و جلەکانمان هەڵگرت و هاتینەوە.

### شێخ زانا دەناسێ و پەیوەندیى بە ئەژى و کارۆخ نامێنێ

دیارە لەنێو ئەوباندە تیرۆریستییە سیلسیلەى ناسین هەبوو وەکو شێخ زاناى تیرۆریست باسى کرد، سەرەتا زاناى نەدەناسى تا هەندێک رادەهێنرا و ئینجا بە زانایان دەناساندو راستەوخۆ پەیوەندیى بەو دەکردو دەستى بەکارە قیزەونەکان دەکرد، مەریوانى تیرۆریستیش بەهەمان نەهج تێپەرى، لێرەوە وەکو خۆى دەگێڕێتەوە شێخ زانا دەناسێ و پەیوەندیى پێوە دەکات:

دواى عەسران لەگەڵ یوسف و ئەژى و کارۆخ لە بەینى جادەى نەورۆز و کوردستان، ئەژى قسەى بۆم دەکرد و دەیگوت ئینسانى موسڵمان دەبێت سەبرو تەحەمولى هەبێت و خۆى راگرێت لەسەر موسیبەت و ئەو شتانە و خەریکى لەبەرکردنى سورەتى کەهف بووین، ئیتر دواى فەترەیەک بێ ئیش بووم نزیکەى دە مانگێکى خایاند، دواى فەترەیەک ئەژى گوتى شەخسێک هەیە پێت دەناسێنم، هیچى تر عیلاقەت بەمن نامێنێت ئەتۆ عیلاقەت بەو دەبى، ئەگەر داواى لێت کرد وەرە ئەژى بکوژە، بمکوژە، یەعنى چیى پێ گوتى بکە، گوتم باشە, لەلاى قاعەى ریازەى پیاسەمان دەکرد وەختێک سەیارەیەک هات رایگرت، ئەمن سوار بووم لە پێشەوە ئەژى لەپشتەوە، کە رۆیشتین، ئەژى گوتیە من هیچ مەکە جەوکەت تەبیعى بێ قۆڵى منى گرت و گوتى. ئەوە لەمەولا پێى دەڵێى شێخ، ئەوە شێخە، ناوى پێم نەگۆ، گوتى چیى پێ گۆتى بەگوێى دەکەى، گوتى ئەمیرمانە، ئەمیرى مەیە، لەپاش هەنگى ئیلاقەم بەکارۆخ و ئەژى نەما، هەر شێخم دەدیت، لە دوایى بۆم دەرکەوت کە شێخ ناوى زانایە، شێخ زانا.

### دەچێتە ناو موخابەرات و سەرەتا بەکارى سێکسى رازى نابێت

زاناى تیرۆریست مەریوانى بە گوتەى خۆى بۆ کارى موخابەراتى ئیسلامى هەڵبژاردبوو، لەم بەشەى دانپیانانەکانى مەریوان، لە دهۆک داواى لێدەکات بێتە ناو کارى موخابەراتى و دەبێت بەهەموو شتێکیش رازى بێت، بەڵام مەریوان لە گوتەى خۆى رازى نابێت، سەرەتا بەس، دواتر لە ترسى کۆشتن رازى دەبێت، ئەوەتا دەڵێت:

زووزوو دەچووینە دهۆک لەسەفەرى دووەممان لە رێگەدا شریتى قورئانى لێدەدا، کە دەرۆیشت ئینجا لەرێ باسى کردو گوتى ئەتۆم لۆ موخابەرات هەڵبژاردیە، موخابەراتى ئیسلامى، بەس دەمەوێ موخابەراتەکى دروست بکەم لە مافیاو CIAى ئەمەریکى و موسادى ئیسرائیلى زۆر بەقوەتتربیت، گوتى نەفەرمان هەیە زۆر زۆر زیرەکە لە مەسائیلى عیلاقەدانان لەگەڵ ئافرەت و کورو شتى وا، گوتى دەبێت ئەتۆش لەگەڵ کارزان بۆ ئیشى موخابەرات هەڵم بژاردینە دەبێ واتان لێبکەم زۆر زۆر بەقوەت بن، ئیتر چووینە دهۆک هەریەکەمان چووینە ئۆتێلێک بخەوین بەس نەمزانى ئەو چوویتە چ ئۆتێلێک، دواى ئەوەى کە پیاسەمان کرد و شەو دەماینەوە بەیانى یەکترمان دەدیت، پێمى گوت هەرچیت پێ بڵێم دەبى رازى بى، ئەمنیش گوتم بەهەموو شتێک رازى دەبم بەس بە ئیشى سێکسى رازى نابم،یەکسەر توورە بوو و گوتى: ئەو پرسیارەم لە کارزانیش کردیە، کارزانیش سەرەتا گوتى رازى نابم، بەس دوایى رازى بووە، موخابەرات دەبێ هەموو شتێکى بکات و دەبێ بەهەموو شتێک رازى بێ، ئیتر دواى ئەوەى زانیم مەبەستى کوشتنە گوتم رازیمە و هەرچى بڵێى ئامادەمە بیکەم.

### زانا مەریوان لەسەر کارى سێکسى رادێنێ

بەقسەکانى مەریوان پێدەچێت سەرەتا زانا بۆ تاقیکردنەوە و راهێنان دەستگەمە و سێکسى لەگەڵ کردبن، ئەوەتا سەرەتاکانى ئەم کارەى لەگەڵ مەریوان لێرەوە دەست پێدەکات:

گوتى کارزان رازى بوو کارى سێکسى بکات و تۆش دەبێت بەهەمان شێوە وەکو کارزان چۆن رازیە تۆش دەبێت رازى بى، گوتى کارزان شێرى منە، شەوێ پێمى گوت دەتوانى سبەى شەو بێیە لام و نەچیەوە، ماڵ گوتم باشە، ئیتر سبەى شەو چوومە ماڵى و لە غورفەکەى سەرێ بووم ئیتر دانیشتین باسى موخابەراتى دەکرد، گوتى ئێستا تەمسیلەکى سێکسى دەکەین، عەلەساس لەگەڵ کامیراى ئەمریکییە گوتى دوایى بە واقیعى ئەوە روودەدات ئەوجا ئێستا تەمسیلەکەى دەکەین، ئیتر پاڵمان داوە لەسەر سیسەمەکە هەندێ دەستگەمەمان کرد، دەستگەمەى سێکسیمان کرد دوایى هاتینە دیوەخانێ دانیشتین نانمان خوارد، هێلکەو روون و ماست و پەنیرو ئەوشتانەمان خوارد، ئیتر ئێمە لە غورفەکە نووستین و ئەویش چووە غورفەى خۆى خەوت .




**مەریوانى تیرۆریست**

**ئێواران دواى عەسر لە جۆت سایدى بەینى نەورۆز و کوردستان دەچووین لەوێ تەمرینمان دەکرد.**

## مەریوان-ى تیرۆریست کێیە؟



ناوى تەواوى مەریوان کەریم حەسەنە، دانیشتووى گەڕەکى راپەڕینى شارى هەولێرە، لەساڵى ١٩٨١ لەگوندى کۆزەپانکە لە دایکبووە و عەشیرەتى سورچییە، یەکێک بووە لەو گەورە تیرۆریستانەى بەگوتەى شێخ زانا بەرلەسێ ساڵ هاتۆتە نێو گرووپەکەى و لەوماوەیە تا دەستگیرکردنى زۆرترین تاوانى ترسناکى سەربڕین و پارچەپارچەکردن و رفاندن-ى ئەنجام داوە، وێڕاى نێربازى و سێکسکردن لەگەڵ ئەو کچانەى بەفێڵى جۆراوجۆر دەیهێنانە ماڵ و بەنهێنیش کارە چەپەڵەکانى وێنە دەگرت، مەریوان خێزاندارەو کچى خاڵى خواستووە، لەسەر زارى خۆى تاوانەکانى ببیستن.